# (ڕۆڵی کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان لەپرۆسەی تێگەیشتن لەزاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان)

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

Hazhar Khudadad Hassan
hazhar.khudadad@garmian.edu.krd
Kurdish Language Department-College of basic Education- Garmian University
yadgar ali muhammed
yadgarhawalsaz@yahoo.com
Kurdish Language Department-College of basic Education- Garmian University

**پوختەی توێژینەوە:**

**بەراورد بە زارەکانی تری زمانی کوردی، زاری کرمانجی سەروو، بەرفراوانترین پانتایی بەکارهێنانی لەنێو گەلی کورددا هەیە، کەچی تاساڵانی ڕابردووی نزیک، بەشی هەرەزۆری ئاخێوەرانی زاری کرمانجی ناوەڕاست لەهەرێمی کوردستان، توانای ئاخاوتن، تەنانەت تێگەیشتنیشیان لەو زارە گرنگەی زمانەکەیان نەبوو، بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەندەی تێبینی دەکرێت تاڕادەیەکی باش ئەو دیاردە نەرێنیە ڕەویەتەوە، ئێستا، وەک پێشووتر نییە. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە زانینی (ڕۆڵی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان لەپرۆسەی تێگەیشتن لە زاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان). لەوێشەوە زانینی پەیوەندی نێوان پێشکەشکردنی (گەشتی هەواڵ) بەزاری کرمانجی سەروو لەگەڵ ڕادەی تێگەیشتن لەیەکە زمانییەکانی ئەو زارەی زمانی کوردی، هەروەها زانینی دیدوبۆچوونی خوێندکارانی زانکۆ لەبارەی بەکارهێنانی جووتزاری (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) لەکەناڵەئاسمانییە کوردییەکان.**

**لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی – ڕووپێوی) بەکارهاتووە و سامپڵی (هەڕەمەکی ڕێکخراو) یش بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە، کە بریتیە لە(156) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) لەخوێندکارانی بەشی زمانی کوردی (خوێندنی بەیانیان، خوێندنی ئێواران) لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.**

**توێژینەوەکە گەیشتووە بەچەندین ئەنجامی زانستیی،لەوانە: خوێندکارانی زانکۆ، وەکچۆن خۆشحاڵی ئاشنابوون و فێربوونی زاری کرمانجی سەروون، پێشیان باشە جووتزاری (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) لەپێشکەشکردنی گەشتی هەواڵی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکاندا هەبێت، تەنانەت ئەو زارە لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکانی تری کەناڵەکان بەکاربهێنرێت، چونکە گرفتی تێگەیشتنیان لەوبەرنامانە نیە کە بەزاری کرمانجی سەروو لەو کەناڵانەوەپەخش دەکرێن. هەروەها بەهۆی تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان، ئێستا لەو پەیامانە تێدەگەن کە بەو زارە ئاراستەیان دەکرێت، هەروەک دەتوانن نووسین بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێننەوە و لەوڕێگەیەوە واتای بەشێک لە وشە فەرهەنگیەکانیش فێربوون.**

***زاراوەکانی توێژینەوە:**

1.(ڕۆڵ) لەبواری میدیادا: هەموو ئەو چالاکیانەیە کە کەناڵێکی ئاسمانی لەشێوەی بەرنامە و هەواڵ بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ جەماوەرێکی دیاریکراو ئەنجامی دەدات.

2.کەناڵی ئاسمانی: سیستەمێکی مێدیایی ئەلیکترۆنیە، بەرهەمی پێشکەوتنی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیە و لەڕێگەی پەیوەستبونی بەمانگە دەستکردەکانەوە، پەیما بۆ جەماوەرێکی دیارینەکراو دەنێرێت.

3.تێگەیشتن: پرۆسەیەکی دەروونیە، پەیوەستە بە ڕوونبونی هزر بەرامبەر بە شتێکی دیاریکراو.

4.زاری گرمانجی سەروو: لەسەرەکیترین زارەکانی زمانی کوردییە و زۆرترین ژمارە لە نەتەوەی کورد لەکوردستان لەکاروباری ژیاری کۆمەڵایەتیدا بەکاری دەهێنێت.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**پێشەكی:**

لەم ساڵانەی دواییەدا؛ ڕۆڵی كەناڵەئاسمانییەكوردییەكان لەهەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی بەرچاو لەسەر هەموو لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵگە دەركەوتووە. یەكێك لەو بوارانەش گرنگیدان بووە بە بەكارهێنانی زارە جۆراوجۆرەكانی زمانی كوردی لە هەواڵ و بەرنامە جیاوازەكانیان، كە بێگومان كاریگەری لەسەر ئاشنابوونی كوردان بەزارەجیاوازەكانی زمانەكەیان هەبووە. ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە بەكارهێنانی زارەكانی (كرمانجی ناوەڕاست و كرمانجی ژوورو) دیارترین زارەكان بوون كەتا ئێستاش بەشێوەیەكی سەرەكی بەكاردەهێنرێن و لەوەشدا كەناڵەئاسمانییەكوردییەكان، زیاتر ئاوڕیان لە زاری كرمانجی ناوەڕاست داوەتەوە و بەرنامەكانیان بەو چەشنە زارە پەخش كردووە. هەرچی بەرنامەی گەشتی هەواڵەكانیانیش بووە بە هەردوو زار پێشكەشیان كردووە، ئەوە سەرباری بەرهەمهێنانی چەندین بەرنامەی تر بەزارەكانی تری زمانی كوردی و پێشكەشكردنیان بەجەماوەر.

لەگەڵ گەشەكردن و زیادبوونی ژمارەی كەناڵەئاسمانیەكوردییەكان، گرنگیدانیش بەبەكارهێنانی زارە جیاوازەكانی زمانی كوردی لەكەناڵەئاسمانییەكوردییەكان زیادیكردووە. یەكێك لەو زارانەی كەزیادەڕەوی نیە ئەگەر بڵێین لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەرجەم كەناڵەئاسمانییەهەواڵییەكوردییەكان لەگەشتی سەرەكی هەواڵەكانیان بەكاریدەهێنن، زاری كرمانجی سەرووە، ئەم زارە سەردەمانێك لەلای زۆرینەی كوردانی باشووری كوردستان بەتایبەت پارێزگاكانی سلێمانی، هەڵەبجە و بەشێكی زۆر لەهەولێر و ئیدارەسەربەخۆكانی گەرمیان و ڕاپەڕین تێگەیشتن لێی ئاسان نەبوو، هەروەک بەهۆی بەریەكنەكەوتن و كارلێكنەكردنیان لەگەڵیدا؛ ئارەزووی ئەوتۆیان لەوەرگرتنی ئەو پەیامانە نەبوو كەلەڕێگەی میدیاوە بەم شێوەزارە ئاراستەیان دەكرا. هەموو ئەوانەش لەكاتێكدایە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگیان لە سادەكردنەوەی زمان هەیە و لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانن لەپرۆسەی تێگەیشتنی زمان و بەشەكانی ڕۆڵی دیار ببینن.

## (چوارچێوەی مەنهەجی توێژینەوە)

***كێشەی توێژینەوە:**

كێشەی سەرەكی توێژینەوەكە، بریتیە لە: ڕۆڵی كەناڵەئاسمانییەكوردییەكان لەپرۆسەی تێگەیشتن لە زاری كرمانجی سەروو لای خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان چی یە؟

***ئامانجی توێژینەوە:**

1. زانینی جۆری ئەو بەرنامانەی كە خوێندكارانی زانكۆ لەكەناڵەئاسمانییەكوردییەكان تەماشای دەكەن.
2. زانینی ئامانجەكانی خوێندكارانی زانكۆ لەتەماشاكردنی كەناڵەئاسمانییەكوردییەكان.
3. زانینی پەیوەندی نێوان پێشكەشكردنی گەشتی هەواڵ بەزاری كرمانجی سەروو لەكەناڵەئاسمانییە كوردییەكان و ڕادەی تێگەیشتن لەیەكە زمانییەكانی ئەو زارەی زمانی كوردی لای خوێندكارانی زانكۆ.
4. زانین و دەستنیشانكردنی كاریگەرترین ئامرازی ڕاگەیاندن بۆ پێشكەشكردنی پەیام بەزاری كرمانجی سەروو بەئامانجی دروستكردنی تێگەیشتن لای خوێندكارانی زانكۆ.
5. زانینی دیدوبۆچوونی خوێندكارانی زانكۆ لەبارەی بەكارهێنانی جووتزاری( كرمانجی ناوەڕاست، كرمانجی سەروو) لەكەناڵەئاسمانییە كوردییەكان.

***سنورەكانی توێژینەوە:**

پێكهاتووە لە (سێ) سنوری سەرەكی، ئەوانیش:-

1. سنوری كات: ئەوكاتەیە فۆرمی ڕاپرسیەكەی تێدا دابەشكراوە و كۆكراوەتەوە، بریتیە لە (2018/12/1 – 2018/12/28).
2. سنوری شوێن: ئەو سنورەجوگرافیەیە كە توێژینەوەكەی تێدا ئەنجامدراوە، بریتیە لە (زانكۆی گەرمیان/ كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت-بەیانیان و ئێواران-) كەدەكەوێتە سەنتەری شاری كەلار – ناوەندی ئیدارەی گەرمیان.
3. سنوری بابەت: لەو بابەت و دۆزانەدا كورت دەبێتەوە كەبابەتی توێژینەوەكە دەیانگرێتەوە، لێرەدا بریتییە لە: دیاریكردنی تێڕوانینی سامپڵێك لە خوێندكارانی زانكۆ بەرامبەر بە ڕۆڵی پێشكەشكردنی (گەشتی هەواڵ لەكەناڵەئاسمانییە تەلەڤزیۆنیە كوردییەكان) بەزاری كرمانجی سەروو لەپرۆسەی تێگەیشتن لەو زارە.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**٭جۆری توێژینەوە، میتۆد و ئامرازەکانی:**

توێژینەوەیەکی مەیدانییە، سەربە توێژینەوە (وەسفیەکان)ـە و ڕێبازی (ڕووپێوی) تێدا بەکارهاتووە، لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی.

**٭کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

سەرجەم خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان (بەیانیان – ئێواران) دەگرێتەوە.

**٭سامپڵی توێژینەوە*:**

سامپڵی (هەڕەمەکی ڕێکخراو) بۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە. ژمارەی خوێندکارانی هەر چوار قۆناغی بەشی زمانی کوردی (خوێندنی بەیانیان)، بریتین لە (324) خوێندکار لەهەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ)، هاوکات لەخوێندنی ئێواران تەنها یەک قۆناغی خوێندن هەیە کە قۆناغی چوارەمە و ژمارەی خوێندکارانی بریتیە لە (45) کەس لەهەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ)، بۆ سامپڵی توێژینەوەکەش لەخوێندنی (بەیانیان و ئێواران)، (206) خوێندکار بەنموونە وەرگیراوە، بەڵام پاش وردبوونەوە لەوەڵامەکان، دەرکەوت تەنها (156) خوێندکار فۆرمەکانیان بەدروستی وەڵامداوەتەوە، کەدەکاتە (42%) کۆی گشتی خوێندکاران. ئەوەش ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

## یەکەم: تەوەری زانیارییە تایبەتەکان:

خشتەی ژمارە (1)

| تایبەتمەندی دیمۆگرافی | | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| توخم | نێر | 40 | %26 |
| | مێ | 116 | %74 |
| تەمەن | 18 – 20 ساڵ | 80 | %51 |
| | 21 - 23ساڵ | 60 | %39 |
| | 24 ساڵ بەرەو ژوور | 16 | %10 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | پارێزگا | 20 | %13 |
| | قەزا | 92 | %.59 |
| | ناحیە | 40 | %25.5 |
| | گوند | 4 | %2.5 |
| قۆناغ | یەکەم | 28 | %18 |
| | دووەم | 57 | %36.5 |
| | سێیەم | 35 | %22.5 |
| | چوارەم | 36 | %23 |

* خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی بەنموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، لەبەرئەوەی پەیوەندیداری ڕاستەوخۆن بەبابەتی توێژینەوەکەوە. (توێژەران)



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**٭ توێژینەوەکانی پێشوو:**

تا سنوری زانیاریی توێژەران؛ هیچ توێژینەوەیەک لەم بوارەدا نەکراوە.

**٭ڕاستیی و جێگیری توێژینەوە:**

أ. ڕاستیی توێژینەوە: توێژەران دوای ئامادەکردنی فۆرمی سەرەتایی ڕاپرسی، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک و برگەکان، فۆرمەکەی ئاراستەی چەند پسپۆرێک کرد(*)، پاش چاککردنەوەی زۆربەی تێبینی و سەرنجەکان فۆرمەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت.

ب. جێگیری توێژینەوە: بۆ دڵنیابوون لە جێگیری، توێژەر چەند دانەیەکی فۆرمی ڕاپرسیەکەی بەسەر (15) خوێندکاری سەر بەسامپڵی توێژینەوە دابەشکرد، پاش ماوەیەک هەمان ڕێژەی بەسەر هەمان ئەو کەسانەدا دابەشکردەوە، بۆی دەرکەوت کە ئەنجامەکان تاڕادەیەکی زۆر هەمان ئەنجام بوون، بەوەش دڵنیابوون لە جێگیری وەڵامەکان.

ڕێژەی جێگیری = 92%

## (چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە)

### یەکەم: تێگەیشتن و تێگەیشتنی زمانی

**٭پێناسەی تێگەیشتن:**

پسپۆرانی بوارە جیاوازەکان، لەڕووانگەی جیاجیاوە پێناسەیان بۆ زاراوەی (تێگەیشتن) کردووە، لەخوارەوە بەکورتی چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

٭(بریتیە لەو پرۆسەیەی کەلەڕێگەیەوە ڕووداوی نوێ دێتە نێو دونیای تاک، لەگەڵ وەرگرتن و تێگەیشتن لەڕووداوەکان و دیاریکردن و بەراوردکردنیان بەوبڕە مەعریفەیەی کە پێشتر تاک بەدەستیهێناوە، لەکۆتاییشدا؛ هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکانی ئێستای لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی پێشووی)(القایسی، 2006، ص47).

٭(بریتیە لە باش هەستپێکردنی مانا، ئامادەگی هزری بۆ پەرە و بەردەوامی لەوەرگرتنی مانا) (مجمع اللغه العربیه، 1998، ص192).

٭ (حاڵەتێکی درکپێکردن و هەستکردنی هزری تاکە بەرامبەر بەو زانیاریانەی ئاراستەی دەکرێت، هەروەها بەکارهێنانی ئەو بیرۆکە و زانینانە بەبێ درکپێکردنی تەواوەتی)(دحال، 2005، ص62).

٭( تێگەیشتن: خەملاندنی مانایە لە ئاخاوتنی کەسی قسەکەر)(الجرجانی، 2007، 273 ).

لەئەنجامی ئەو پێناسانەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە تێگەیشتن، پرۆسەیەکی بەردەوامە و لەڕێگەیەوە مانا بەشتەکانی دەوروبەر دەبەخشرێت و مەرجیش نیە تاک بەتەواوی لەو مانایانە تێبگات کە ئاراستەی دەکرێت، تاوەکو وەریبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا؛ پرۆسەی وەرگرتنی مانا پەیوەندی بە لایەنی مەعریفی تاکەوە هەیە.

**٭تێگەیشتنی زمانی:**

(پرۆسەی درککردن یان پێشبینیکردنی ئەوەیە کە مانای هەموو شتێک؛ لەمانای وشەیەک، گوزارشتێک، دەستەواژەیەک پێکهاتووە، تەنانەت مانای ڕستەیەک یان گفتوگۆیەکی دوورودرێژیش) (عواشریە،2005، ص45)، هەروەها دەناسێنرێت بەوەشی کە: توانای لێکدانەوە و بەدەستهێنانی مانا و هێماکانی نێو پەیامی زمانیە، جائیدی ئەو پەیامە بەشێوەی نوسراو بێت یاخود دەنگدار، هەروەها تێگەیشتنی زمانی بەستراوە بە توانای زمانی تاک (مەعریفەی زمانی)، لەگەڵ چەند توانایەکی تر، لەوانە: درککردنی باشی هەستەکانی بینین و بیستن، هۆشیاری، یادەروەری، توانا هزرییەکان..)، لەکاتی پەیوەندیکردن لەلای ئەو کەسەی کەئەنجامی دەدات بەشێوەی زمانی یاخود نازمانی، ئەمەی دووایشیانن؛ بە ( Parameter Linguistic Extra) ناسراوە، کەتایبەتە بە ناوەڕۆکی پەیامی زمانی، پەیوەندی نێوان دوو قسەکەر، بەکارهێنانی هێماکانی ڕووخسار.. ڕۆڵ دەبینن لە دیاریکردنی ئاماژەکانی پشت ئەو پەیامە(غازلی، 2012، ص156).

ئەگەر هاتوو تێگەیشتنی زمانی بەشێوەی (دەمەکی – شەفەهی) بوو، ئەوکاتە پرۆسەکە زیاتر گشتگیرتر دەبێت و پشت بە (درککردن، تێگەیشتن و توانای وەرگرتن) دەبەستێت.

## *جۆرەکانی تێگەیشتنی زمانی:

بەشێوەیەکی گشتی (سێ) جۆر تێگەیشتن هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

أ.تێگەیشتنی خوێنراو.

ب.تێگەیشتنی نووسینەکی.

ج.تێگەیشتنی زارەکی (شفهی).

أ.تێگەیشتنی خوێنراو: هەموو ئەو لایەنە دەگرێتەوە کە خوێنەر لەڕێگەی خوێندنەوەی زانیاری و ڕاستیەکانەوە بەدەستیدەهێنێت، پشتبەستن بەو پێشخانە مەعریفیەی کە خۆی هەیەتی(نظيف، الشهري،2011، ص17).

ب.تێگەیشتنی نووسینەکی: بریتیە لە کۆمەڵێک بەهرەی گشتی کە هاوکاری تاک دەبێت بۆ بەدەستخستنی زانیاری و مەعریفە، پاشان دەرخستنی لەڕێگەی زمانی نووسین ـەوە(سليمه،2013، ص74).

ج.جۆری سێیەم لە تێگەیشتن بریتیە لە (تێگەیشتنی زارەکی - (شفهی): ئەمجۆرەیان بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئاراستەی کاری توێژینەوەکەی ئێمەدا یەکدەگرێتەوە، کە دەمانەوێت لە ئاستی کاریگەری ئەو پەیامە دەنگیە بکۆڵینەوە کە تەلەڤزیۆنە ئاسمانیە کوردییەکان لەڕێگەی (گەشتی هەواڵەکان)یانەوە ئاراستەی وەرگرانی دەکەن، بەتایبەت لە بابەتی تێگەیشتن لە(زاری کرمانجی سەروو) لەلای مامۆستایانی زانکۆ لەو پانتاییەی کە جوگرافیای بەکارهێنانی ئەو جۆرە زارەی زمانی کوردی نیە.

دەناسێنرێت بەوەی کە، بریتیە لە: (توانای هەندێک تاکە بۆ تێگەیشتنی هەندێک دەستەواژە، گوزارشتی زمانی جیاواز، زانینی هاوواتای وشەکان و دژەکانیان، لەگەڵ پێکەوە گرێدانیان بەیەکتری بەو شێوە زمانەی کە ئەو تاکە بەکاریدەهێنێت)(سليمه،2013، ص74).

## *هەنگاوەکانی تێگەیشتنی زارەکی - (شفهی):

هەموو (پەیام) یاخود (ئاماژە)یەک کەلەڕێگەی زارەکی – وتن ـەوە بە مەبەست یاخود بێ مەبەست ئاراستەی لایەنی دووەم دەکرێت، بۆئەوەی سەرکەوتووبێت، پێویست دەکات بەپێنج قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕببێت، کەئەمانەن: (شيماء، 2010، ص59 – 60 )

1.وەرگرتنی زانیاری بیستراو و پارێزگاری لێکردنی لە بیردا، هەروەها شیکردنەوەی و دابەشکردنی بەسەر پێکهاتەکانی ڕستەدا.

2.گوێگر هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی ئەو وتنانەی کە لەبەردەستیدایە بۆ دروستکردنی ڕستەی کورت کورت، وەک ئامادەکاریەک بۆ بەکۆدکردنیان و وەرگرتنی زانیاری بیستراو لەسەرچاوەی ترەوە.

3.گۆڕینی پێکهاتەکانی ڕستە کورتەکان بۆ مانا (پرۆسەی بەکۆدکردن) لەگەڵ بەردەوامی قۆناغەکانی یەکەم و دووەم.

4.تاک هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی مانای پێکهاتەکانی ڕستەکورتەکان بۆئەوەی لەمانای گشتی و بەربڵاوەوە ببێت بە ڕستەیەکی تەواو و سنوردار.

5.پاش ئەو چوار قۆناغە لەوێنەی دەنگی ڕستە ڕزگارمان دەبێت، ئیدی دەستمان لە مانای تەواوەتی و گشتی ڕستە گیردەبێت و دەچێتە یادەوەری دەنگیمان، لەوێشەوە پرۆسەی خەزن بوونی هەمیشەیی واتای شتەکان لەلامان دەچەسپێت.

## *ئاستەکانی تێگەیشتنی زمانی:

بەشێوەیەکی گشتی سێ ئاست بۆ تێگەیشتن هەیە، ئەمانەن:

أ. ئاستی مانای وشەکان: سەرەتایترین ئاستی تێگەیشتنە، لەم ئاستەدا؛ ئەو کەسەی پەیامی ئاراستەدەکرێت لەڕێگەی فەرهەنگ ـەوە بەدوای مانای وشەکانی نێو پەیامە ئاراستەکراوەکەدا دەگەڕێت و دەتوانێت بگات بەوەی کە ووشەکان یەک مانایان هەیە یاخود زیاتر، هەروەها ئەوەشی بۆ دەردەکەوێت کە ووشەکان بەپێی شوێنیان و بەکارهێنانیان لەڕستەدا ماناکانیان جیاواز دەبێت، ئەم قۆناغە پەیوەندی بەهێزی بە ئەزموون و هەوڵەکانی پێشووتری ئەو کەسەوە هەیە کە فێرخوازە و دەیەوێت فێر ببێت(ميرود، 2007، ص245).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ب. ئاستی مانای ڕستەکان: ڕستەکان پێکهاتوون لە مانای ئەو وشانەی کە لەهەناویاندا ڕیزکراون و لەڕێگەیانەوە پەیامی دروست ئاراستەی لایەنی بەرامبەر دەکرێت، هەربۆیە دەبێت چەند بنەمایەکیان تێدا لەپێشچاوبگیرێت، لەوانە: (لایەنی ڕێزمانی ڕیزکردنی وشەکان، ڕاناوەکان، کارەکان و ئامرازەکان)، هەموویان لەجێگەی گونجاوی خۆیان بەباشی جێبەجێبکرێت، تاوەکو تێگەیشتنیان لێ بەرهەم بێت. ئەمەش دابەش دەبێت بۆ (دوو) جۆر:( غازلی، 2012، ص245)

– تێگەیشتنی پێکهاتەیی: دەردەکەوێت لەمیانی شیکردنەوەی پێکهاتەیی بۆ ناواخنی ڕستە، ئەم کردارە بە دیقەتکردنی ورد لەسەر شێوازی پێکهاتنی ڕستەکان دەبێت کە لەچی پێکهاتوون و چۆن پێکەوە بەستراونەتەوە و برگەکانیان کامانەن، گرنگترین ڕێگەیەک کە لە تێگەیشتنی پێکهاتەیی بەکاردەهێنرێت بریتیە لە یادەوەری، بۆنموونە کاتێک کەسێک بەشێوەیەکی خێرا گوێی لە ڕستەیەک دەبێت، ڕاستەوخۆ مانایەکی گشتی ڕستەکەی لادروست دەبێت، سەرباری ئەوەی لەوکاتەدا وردەکاری تەواوەتی نێو پێکهاتەی ڕستەکەشی بەبیردا نایەت، هەروەها شیکردنەوەی پێکهاتەیی تێگەیشتن لەمانا لە کۆمەڵێک پێوەر پێکهاتووە کە یارمەتیدەرن بۆ زانینی بەشە بنچینەییەکانی ئەو ڕستەیەی کە کەسی فێرخواز دەیەوێت لێی بگات.

– تێگەیشتنی مانا: تێگەیشتن لەمانا دروستدەبێت لەڕێگەی پشکنینی ژێدەرە بنەڕەتیەکەیەوە کە مانای وشەکەی هەڵگرتووە، وەکچۆن لەفەرهەنگدا مانا و دەنگی وشەکان و پێکهاتنیان ئاماژەپێکراوە.

ج. ئاستی مانای برگە: لەڕستەدا کۆمەڵێک برگە هەن، ئەمانە بەشێوەی زنجیرەیی پێکەوە دەبەسترێن، تاوەکو لەکۆتاییدا یەک مانای تەواو بگەیەنن، لەڕێگەی ئەم برگانەوە مانای ڕستەکان ڕێکدەخرێن و هەندێکیان بەهەندێکی تریانەوە دەبەسترێنەوە، لێرەشدا هەبوونی زانیاری لەسەر ئەو بابەتەی کە خراوەتەڕوو، هاوکاری سەرەکی تێگەیشتن لەدەق دەبێت(عدس،1990، ص 56).

هەندێکی تر لە توێژەران، ئاستی تر بۆ تێگەیشتنی زمانی دیاریدەکەن، لەوانە:(غازلی، 2012، ص166)

أ. تێگەیشتن لە ناوەڕۆک: لەڕێگەی ئەو زانیاریانەی کە پێشتر تاک هەیەتی ڕوودەدات، هەروەها پەیوەندی ئەو زانیاریانەی پێی دەگات بەتایبەت لەبەراوردکردنی بەشێکیان بەبەشێکی تریانەوە، لەم بوارەدا ڕستەکان بەشێوەیەکن دەتوانرێت جارێکی تر دابڕێژرێنەوە و بەشەکانی لەیەکدی جیابکرێنەوە و توانای سادەکردنەوەیان تێدایە بەو جۆرەی وەرگر دەتوانێت لەڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە دەستی بەکرۆکی مانای هەڵگیراوی ناو پەیامە ئاراستەکراوەکە بگات.

ب. خستنەڕووی بابەت: ئەمەیان زیاتر لەڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بەرجەستەدەبێت. خوێندکار لەوانەکانی زماندا فێردەکرێت چۆن بەشەکانی ڕستە لەیەکدی جیابکاتەوە، بۆنموونە بەوەئاشنا دەکرێت کە ڕستەی ئەرێ و نەرێ کامەیە، چۆن ناو دەگۆڕدرێت بۆ کردار و بەپێچەوانەشەوە، هەروەها چۆنیەتی ناسینەوەی بەشەکانی تری ڕستە و پڕکردنەوەی ڕستەکان بە وشەی گونجاو و بەیەکگەیاندنی دەستەواژەگونجاوەکان لەڕێگەی هێڵ و ڕاستکردنەوەی زانیاریە هێڵ بەژێرداهێنراوەکان و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان بەوێنە و چەندان زانیاری تر لەبابەتی زمان، هەموو ئەوانە فێرگەیەکی زۆرباشی تێگەیشتنن لەناوخنی زمان و ڕاهێنانی تاک بۆ دەستڕاگەیشتنی بەمانا.

ج. درککردن: بەمانای توانای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بەسەر بابەتەکان، بە ئەندازەیەکە دەکرێت لەڕێگەیانەوە ڕێباز و ئاست و پرۆگرامی مانای زمانی بابەتەکان لێکبدرێتەوە و بڕیاریشیان لەسەربدرێت، ئەوەش لەڕێگەی توانای تاک بۆ ناسینەوەی وشەکان و زانینی وردەکاریەکانی تری نێو زمان دەگەڕێتەوە کە لەهزریدا وێنابووە و هەر بەبەرکەوتنی یەکێک لەهەستەکانی، دەتوانێت مامەڵەی تەواو لەگەڵ شێوە و ناوەڕۆکی پەیامەکەدا بکات.

هەروەها (لێکۆڵینەوە و جیاکردنەوەی زانیارییەکان) یەکێکی ترە لەئاستەکان و (بەمانای ئەو مەعریفە و شێوازە دێت کە هاوکارمان دەبێت بۆ گەیشتن بە هەندێک دەرئەنجام کە دەتوانین بەرگری لێبکەین و ڕاستی و دروستیان بسەلمێنین، هەروەها لەڕێگەیەوە دەتوانین دروستی ئەو مەعریفە نوێیەش بزانین کە پێمان دەگات، ئەمەش لەسەرمان واپێویست دەکات گریمانەی جیدی و گونجاو دابنێین، هەروەها بەمانای ئەوەش دێت کە پەنا بۆ ئەو تیرانەبەرین کە جێگای مشتومڕ و لەسەر ڕاوەستانن)( عدس،1990، ص 59).

### *ئاستەنگەکانی بەردەم تێگەیشتنی زمانی:

زمان بەسروشتی خۆی کردەیەکی ئاڵۆزە، بەهۆی جیاوازی و زۆری لەبواری ڕێزمان و پێکهاتن، لەنێوان هەموو ئاستەنگەکاندا، تەنها چەند ژمارەیەکیان دەخەینەڕوو، کەئەمانەن:



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

1. ئاستەنگی وشەكان، درێژی ڕستەكان، زۆری وتراوەكانی ڕستە، پچڕپچڕی بەشەكانی ڕستە(عبده، 1984، ص24).
2. ئاڵۆزی ڕێكخستنی ڕستەكان، وشەكان مانای جیاواز هەڵدەگرن، هێما و كۆدەكان پێویستیان بەوردبوونەوە و بیركردنەوەی ورد دەبێت.
3. یەكێكی تر لەئاستەنگی تێگەیشتنی زمانی دەمەكی بەتایبەت لەلای منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ درەنگ پێگەیشتنی ئەندامی زمانی، هیچ جیاوازیەكی نیە ئەو ئەندامە سەر بە دواكەوتنی تێگەیشتنی زمان بێت، یاخود گوزارشتكردنی زمانی(البطانیە، الجراح، 2007، ص 545). زۆرجار دواكەوتنی تێگەیشتنی زمانی ئاسایی لەمنداڵان ڕوودەدات لەئەنجامی ئاڵۆزی پرۆسەی تێگەیشتن لەزمان، كەئەوەش دیاردەیەكی بەربڵاوە لەنێو منداڵان، ئەوەش كاتێك هەستی پێدەكرێت كە تەمەنی منداڵ بەراورد بەتێگەیشتن لەو ئاماژە و پەیامانە دەكرێت كە ئاراستەی دەكرێت، دەردەكەوێت وەك پێویست نیە، ئەو دواكەوتنەش پەیوەندی بە لاوازی عەقڵی، جوولەیی و بیستنەوە نیە(غازلی، 2012، ص7-8).

## *زمانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی لەپرۆسەی تێگەیشتنی زمانیدا:

زمانی ڕاگەیاندن، زمانی شارستانیەتە..ڕۆڵێكی گرنگ لەنزیككردنەوەی پانتایی نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین دەبینێت، ڕێگا لەبەردەم زمانی ستاندارد دەكاتەوە، تاوەكو لەهەموو شوێنێك ئەزموون بكرێت و بەكاربهێنرێت، زمان؛ وەك ئامرازێكی میدیایی لەڕێگەیەوە پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەگوێزرێتەوە، ئامرازەكانی گواستنەوەی زمانیش بریتین لە: (وتن – ئاخاوتن-،هێما، وێنە، سینەما)(حسنه، 1998، ص36). لێرەدا دەردەكەوێت كە ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەكانی و لەنێویشیاندا ڕاگەیاندنی (بینراو –تەلەڤزیۆن) ڕۆڵی كاریگەر لە دروستكردنی تێگەیشتنی زمانی لای وەرگر دەبینێت لەڕێگەی ئەو پەیامەی ئاراستەی وەرگرانی دەكات، چونكە زمانی ڕاگەیاندن بێجگە لە زمانی ئاخاوتن، هەریەك لە هێما، وێنە بەهەموو بەشەكانی لەخۆگرتووە. (گەشتی هەواڵەكان)یش كەبەیەكێك لەبەرنامە سەرەكیەكانی تەلەڤزیۆنە هەواڵییەكان دادەنرێت، لەكەناڵەئاسمانییە كوردییەكان بە هەردوو شێوەزاری (كرمانجی سەروو، كرمانجی ناوەڕاست) پێشكەش دەكرێت، گومانی تێدانیە بێجگەلەوەی ئەو دوو شێوەزارە لەیەكدی نزیكدەكاتەوە، هاوكات تێگەیشتنی هەریەكەیان لای بەكارهێنەرانی ئەویتریان ڕۆشن و ئاسانتر دەكات.

بێگومان تەماشاكردنی كەناڵەئاسمانییەكان، كاریگەری لەسەر لایەنی زمانی تاك دەبێت، دەبێتەهۆی: (السلمی،2017، ص33)

-زانینی بەشەكانی زمان و بنچینەسەرەكیەكانی بیركردنەوەی زمانی.

-هاوكاری گەلان دەكات بۆ پەیوەندی بەیەكەوەگرتن.

-دەستڕاگەیشتن بە ڕووداوەكان و گێڕانەو و گەیاندنی بەشێوەیەكی ڕوون.

-كەناڵەئاسمانیەكان هاوكاری تاك دەكەن بۆ زانینی ڕێگەكانی گەڕان بەدوای زانیاریدا.

-زانینی بنچینەسەرەكیەكانی گوزارشتی زمانی دروست و لەسەرئاستی وشە و خوێندنەوەشیان.

-تاكەكان لەمیانی تەماشاكردنی كەناڵەكانەوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ زانیاریە زمانیەكان و ڕێزمان.

خاڵی هاوبەشی نێوان زمان و ڕاگەیاندن، خۆی لە پەیوەندی نێوان (وتن و مانا)كەی دەبینێتەوە، لەچوارچێوەی بازنەی ئاماژە (الدلاله)، زانایانی بواری زمان بە (زانستی ئاماژە)ی ناودەبەن، پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندنیش گرنگی بەو چوارچێوە هاوبەشە لەنێوان نێرەر و پەیام دەدەن، بەمەبەستی ئەوەی پەیامی ئاراستەكراو ئامانجی خۆی بپێكێت، لەم پرۆسەیەشدا؛ (وتن) خاڵی هاوبەشی زمانی ئاماژە پێكدەهێنێت لەنێوان ڕاگەیاندن و زماندا(أسد، 2012، ص10).

كاریگەری هۆكارەكانی ڕاگەیاندن جیاوازە لەسەر جەماوەر لەهۆكارێكەوە بۆ هۆكارێكی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە كاریگەری زمانی تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت جیاوازە لە زمانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و ..هتد، بێگومان كاریگەری ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو زۆر زیاترە لەسەر گوێگر لەكەناڵەكانی تری كە تەنها بینراو بێت، یان بیستراوبێت، چونكە لەهەمان كاتدا گوێگر هەردوو هەستەوەری بینین و بیستن بەكاردەهێنێت بۆ وەرگرتنی زانیاریەكان ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو لەهەمان كاتدا دەنگ و ڕەنگ و وێنەیە ئەمەش كاریگەری خۆی هەیە(عمر، صابر، 2016، ل144-145 ). (گەشتی هەواڵەكان) لەو بەرنامانەی تەلەڤزیۆنە كە بێ لەوەی كەناڵەكان گرنگی زۆری پێدەدەن، لەكاتە زێڕینەكانیش پێشكەشی وەرگرانی دەكەن، لەیەككاتیشدا؛ لەلایەن بێژەری هەواڵەكان، جگە لەزمانی ئاخاوتن، ئاماژەی جەستە بەكاردەهێنرێت، سەربازی هەموو ئەو كاریگەریە دەنگی و وێنەییانەی لەناردنی پەیامی ئاراستەكراودا بەكاردەهێنرێن، كەسەرجەمیان



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بەئامانجی دانانی کاریگەریە لەسەر بینەران لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی پەیامەکە و دروستکردنی تێگەیشتن لێی بەشێوەیەکی سادە و ڕەوان.

ئەگەر سەرنجی زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی عەرەبی بدەین، دەردەکەوێت لای هەموو عەرەب ئاسان نین بۆ تێگەیشتن، تەنانەت هەندێکیان بەتایبەت دیالێکتەکانی وڵاتانی جەزائیر، مەغریب، تونس و مۆریتانیا زۆر سەختن و بێجگە لەوانەی پێی دەدوێن، ئەوانی تر تەنها وەک چەند پیتێکی پێکەوەنەبەستراو و ئاوازێکی ناساز دەیبیستن. بەڵام ئەو حاڵەتە بۆ دیالێکتی ڕەمەکی میسری بەوشێوەیەنیە، کە هۆکارەکەشی بۆ بەکارهێنانی ئەو دیالێکتە لە سینەما و گۆرانی میسری دەگەڕێتەوە، چونکە میسر یەکەم وڵاتی عەرەبی بوو کەدوای دەرکەوتنی سینەما، فلیمی بەرهەمهێنا. هەروەها لەو دیالێکتانەی تری زمانی عەرەبی کە زۆر لای خەڵکی عەرەب تێگەیشتن لێیان ئاسانە، بریتین لە زنجیرە تەلەڤزیۆنیە سوریەکان، بەهۆی بەرهەمهێنانی فیلم و دراما بەو دیالێکتە، لەگەڵ تۆمارکردنی گۆرانی و کاری هونەری بەو دیالێکتە، لەپاش ئەوەش دیالێکتە عێراقیەکان دێن، کە هەر شارەو دیالێکتی خۆی هەیە، بەڵام بەهۆی بەرهەمهێنانی فیلم و گۆرانی بەدیالێکتەکانی بەغدادی و بەسراوی، دەبینین ئەو دوو دیالێکتە بەشێوەیەکی سەرەکی لای خەڵکی عەرەب ئاسانن لەڕووی تێگەیشتنەوە(عبدالقادر،2018/3/27).

سەرباری ئەوەی کە تەلەڤزیۆن لەتوانایدایە تێگەیشتن لە دیالێکتەکانی نێو یەک زمان فەراهەم بکات، هەندێکجاریش زۆر بەکارهێنانی دیالێکت لەبەرهەمهێنانی فیلم و گۆرانی و چاوپێکەوتنەکان و بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکان، دەبێتەهۆی هەیمەنەکردنی ئەو دیالێکتە بەسەر زمانە بنچینەییەکەدا، ئەوەش زیانی دەبێت(محمود، 2014، ص127).

لەئەنجامی ئەوەی لەسەر (زمانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی لەپرۆسەی تێگەیشتنی زمانیدا) خستمانەڕوو، دەردەکەوێت ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی بینراو – (تەلەڤزیۆن) بەتایبەتی، لەڕێگەی پێکهاتەی ئەو زمانەی کە پەیامی لەڕێگەوە ئاراستە دەکات، ڕۆڵی گرنگ لە دروستکردنی تێگەیشتن لای بینەران دروستدەکات لەسەر ئەو پرس و بابەتانە کە قسەوباسیان لەبارەوە دەکات. لەنێو بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنیشدا، گەشتی هەواڵەکان هەیە، کە دیسانەوە ئەو زمان و دیالێکتانەی لەخستنەڕووی هەواڵەکان بەکاردەهێنرێت، دەشێت ئەو بەشە لەوەرگر کە هەمان دیالێکت بۆ قسەکردن بەکارناهێنن، بتوانن لەڕێگەوە لێی تێبگەن و بەئاسانی بەرخوردی لەگەڵ بکەن.

## دووەم: زارو زاری کرمانجی سەروو

*پێناسەی زار :(Dialect) زمانەوانان و پسپۆرانی بوارە جیاوازەکان لە ڕووی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، سیاسی، مێژوویی، زمانەوانی و ....هتد) پێناسەی زاریان کردووە. لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی پەیوەست بەم باسە دەخەینەڕوو:

– (کامل حەسەن بەسیر)، لە پەرتووکی (زمانی نەتەوایەتی کوردی)، بەمشێوەیە پێناسەی زاری کردووە: (شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا، ئەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە، چەند تایبەتییەکی دەنگسازی و ڕستەسازی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە)(بەسیر،1984،ل15).

– گەورە زمانەوانی بەریتانی (دەیڤد کریستاڵ)، لە فەرهانگی (زمانەوانی و فۆنەتیکی)، بەمشێوەیە پێناسەی زاری کردووە: (شێوە زمانێکی کۆمەڵایەتی یان ناوچەیی تایبەتە، بەوە دەناسرێتەوە کە کۆمەڵێک وشەی جیاواز و پێکهاتەی ڕێزمانی جیاوازی هەیە، لەکاتی قسەکردنیش شێوەی دەربڕین یان ئەکسێنتی تایبەتی خۆی هەیە)( Crystal, 2008, P: 142).

کەواتە دەتوانین بڵێین، زار: ئەو شێوازە ئاخاوتنەیە کە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت و بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی، هەر زارێک بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە زمانییەی کە لە ڕووی دەنگسازی، وشەی فەرهەنگی و ڕێزمانەوە هەیەتی، جیادەکرێتەوە لە زارێکی دیکەی هەمان زمان.

### *دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی:

زمانی کوردی هاوشێوەی زمانی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان، لەچەندین زار و شێوەزار پێکهاتووە، دیارە لە ڕووی زمانەوانییەوە بوونی زار و شێوەزار لە هەر زمانێکدا دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگیشە بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان.

ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونوس و نوسەر و زمانەوانانی کورد و بیانی لەسەر بنەمای جوگرافی، جیاوازی دەنگسازی، لیکسیکی و ڕستەسازی پۆلێنی زارەکانی زمانی کوردییان کردووە، بۆنموونە یەکەمین کەس لەناو کورددا زارەکانی زمانی


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

کوردی دابەشکردبێت، شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣ – ١٦٠٤) بووە، کە لە (شەرەفنامە) دا، زمانی کوردی دابەشی (چوار) زار کردووە، ئەوانیش: کرمانج، گۆران، لوڕ و کەڵهوڕ(بەدلیسی، 2013، ل2).

دواتر لە سەردەم و کاتی جیاوازدا چەندین نوسەر و زمانەوانی دیکەی کورد، وەک: (تۆفیق وەهبی(وەهبی، گەردی، 2002، ل45)، کەمال فوئاد(فوئاد، 1971، ل16-24)، فوئاد حەمە خورشید(حەمەخورشید،2008، ل39)، عەبدولمەناف ڕەمەزان(مەناف،2009،ل59)،..هتد) پۆلێنی زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردیان کردووە، هەرچەندە جیاوازییان هەیە لە پۆلێنکردنی زارەکاندا، بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی کوردی لە چوار زاری سەرەکی پێکدێت. ئەوەی لەم توێژینەوەدا کراوە بە بنەما، پۆلێنکردنەکەی (فوئاد حەمە خورشید)ە، چونکە ئەم دابەشکارییە بەراورد بەئەوانیتر، زۆر وردتر و زانستی ترە، تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی وێنای ڕاستەقینەی زارەکانی زمانی کوردی لە سەر بنەمای جیاوازی دەنگسازی و وشەی فەرهەنگی نێوان زارەکان و دابەشبوونی دانیشتوانی کوردستان بکات. ئەوکارەش بە سودوەرگرتن لە (تیۆری درەختی) کراوە، کە زیاتر زار و شێوەزارەکانی زمان لەیەک جیادەکاتەوە و دەستنیشانیان دەکات، هەروەها لەڕێگەی (تیۆری شەپۆلی ئاوی)، کەلەڕێگەیەوە مەڵبەندی زارەکان و سنوری جوگرافیانی دیاریکردووە، بەمشێوەیەی خوارەوە: (حەمەخورشید،2008،ل41).

1. کرمانجی باکور- شێوەزارەکانی پێکدێت لە: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).
2. کرمانجی ناوەڕاست – شێوەزارەکانی پێکدێت لە: (موکری، سۆران، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی).
3. کرمانجی باشوور – شێوەزارەکانی پێکدێت لە: (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆیی، لەکی، کەڵهوڕی).
4. گۆران – شێوەزارەکانی پێکدێت لە: (هەورامانی، باجەلانی، زازا).

*زاری کرمانجی سەروو:

(زاری کرمانجی سەروو)، کە زیاتر بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە، بە یەکێک لە سەرەکیترین و بەرفراوانترین زارەکانی زمانی کوردی هەژماردەکرێت، سنوری جوگرافی و ڕێژەی ئاخێوەرانی ئەم زارە زۆر زیاتر و بەرفراوانترە بە بەراورد بە زارەکانی دیکەی زمانی کوردی، (چونکە کوردەکانی تورکیا لەپارێزگاکانی بایەزید، وان، جولەمێرگ، سیعرت، مووش، ماردین، دیاربکر، خەرپووت، ئەدیابان و غازیان تەپە و بەشەکانی خۆرهەلاتی پارێزگای مەرعەش و سیواس و بەشەکانی باشوری پارێزگای ئەرزەڕوم وقارس هەموویان بەم دیالێکتە دەئاخەڤن)( حەمەخورشید، 2008، ل51).

ئەوە بێجگەلەوەی کە ناوچە کوردییەکانی وڵاتی ئێران بەشێکی ئەم زارە پێکدەهێنن، لەوانە: (خوراسان، ئورمیە، سەڵماس، خۆیی، ناوچەی نیشتەجێبوونی شکاک). هەروەها بەشێک لە ئاخێوەرانی ئەم زارە، دەکەونە ناوچە کوردنیشینەکانی ئەرمینیا، جۆرجیا، قیرغزتان، ئازەربێجان، ئەفغانستان و چیچان.

سەرباری هەموو ئەوانەش، کوردان،لەناوچەکوردییەکانی باکوری سوریا، وەک: (شارەکانی حەلەب، عەفرین، قامیشلۆ)، کوردەکانی نیشتەجێی لوبنان (دروزیەکان)(مەناف،2009،ل59)، کوردەکانی کوردستانی عێراق لە پارێزگای دهۆک و قەزاکانی (زێبار، ئامێدی، زاخۆ، ئاکرێ) و ناوچەکانی ڕۆژئاوای نەینەوا، کەبریتین لە قەزاکانی (شەنگال، زومار و تەلعەفەر) بە زاری کرمانجی سەروو دەدوێن.

## سێ یەم: کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان:

سەرەتای دەرکەوتنی پەخشی تەلەڤزیۆن بەزمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ (1967/6/18)، لەڕێگەی تەلەڤزیۆنی کەرکووک، ماوەی پەخشی ئەم کەناڵە دابەشکرابوو بەسەر نەتەوەکانی شارەکەدا، ئەوماوەیەی بۆ زمانی کوردی تەرخانکرابوو بریتی بوو لە (40)خولەک، لەوماوەیەدا هەواڵ و گۆرانی و بەرنامەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی پێشکەش دەکران. ئەم کەناڵە بەوشێوەیە مایەوە تا لە (1974/6/1)، کەناڵێکی تایبەت بەزمانی کوردی کرایەوە، بێجگە لەخزمەتکردنی بواری هونەری، کەناڵە نوێیەکە خزمەتی بەرچاوی بە هونەرمەندان و ئەدیبانی کورد دەکرد و چالاکی جۆربەجۆری پێشکەش دەکرد(محمد، 2012، ص182).

دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستان دژ بە ڕژێمی بەعسی عێراقی، یەکەم تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی بەزمانی کوردی لەکوردستانی عێراق بەناوی (تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان) لەلایەن (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) کرایەوە. دوابەدوای ئەوەش (14) کەناڵی تری ناوخۆیی لەشارو شارۆچکەکانی تر کرانەوە، لەوانە (کەناڵی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ئازادی، یەکگرتوو، زاگرۆز، پەروەردە، کۆمەڵ، سپۆرت و ..هتد). لەئێستاشدا هەرێمی کوردستان خاوەنی (132) کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی(ئەحمەد،2010، ل80-81).

سەبارەت بەدەرکەوتنی کەناڵی ئاسمانی بەزمانی کوردی، مێژووەکەی زۆر کۆن نیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکان و ئەوکاتەی لەوڵاتی بەریتانیا کەناڵی MED TV)) لەساڵی (1995) کرایەوە و بەرنامەکانی بەشەش زمان پەخش دەکرد، لەوانە (زاری کوردی سۆرانی، زاری کوردی کرمانجی سەروو، ئینگلیزی، عەرەبی، ئاشوری، تورکی)، کەئەمەش بەیەکەم دەرکەوتنی کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی بەزمانی کوردی دادەنرێت(محمد، 2015، ص117).

لەهەرێمی کوردستانی عێراق، کەناڵەئاسمانیە کوردیەکان بەردەوام لەگەشەکردندان و ڕێژەکەیان بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت. لەخوارەوە بەدوو خشتەی جیاواز سەرجەم کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان دەخەینەڕوو:

ا: کەناڵەئاسمانیە کوردییە ئەهلییەکان (محمد، 2015، ص48) (*)

| ژ | ناوی کەناڵ | جۆر | سروشتی ناوەڕۆک | خاوەنداریەتی کەناڵ | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Hawler | گشتی | گشتی | بازرگان (هێرش خۆشناو) | 2010 |
| 2 | Kurdmax | تایبەت | خۆشیبەخشین | وەبەرهێنەرانی کورد | 2010 |
| 3 | Kurd 1 | تایبەت | هونەری | پەیمانگی کوردی لەفەرەنسا | 2009 |
| 4 | Araz Kurdistan | تایبەت | ئاینی و ڕیکلام | وەبەرهێنەرانی کورد | 2012 |
| 5 | ویصال کورد | تایبەت | ئاینی و ڕیکلام | وەبەرهێنەرانی کورد | 2013 |
| 6 | Nrt | تایبەت | هەواڵی | کۆمپانیای نالیا لەسلێمانی | 2010 |
| 7 | Nrt 2 | تایبەت | هونەری | کۆمپانیای نالیا لەسلێمانی | 2013 |
| 8 | پلیستانک | تایبەت | منداڵان | هەندێک وەبەرهێنەری کورد | 2012 |
| 9 | Auc | گشتی | گشتی | کۆمپانیای عادل موتەحیدە | 2010 |
| 10 | ئامۆژگاری | تایبەت | ئاینی | سەلەفیەکانی کوردستان | 2013 |
| 11 | Kurdmax pepule | تایبەت | منداڵان | هەندێک وەبەرهێنی کورد | 2014 |
| 12 | Gem kurd | تایبەت | هونەری و فیلم | کەرتی تایبەت (گروپی GEM) | 2014 |
| 13 | Net tv | گشتی | گشتی | کەرتی تایبەت (ئەڤین ئاسۆ و ئارامۆ) | 2013 |
| 14 | War tv | گشتی | گشتی | کۆمپانیای پالۆ (تەمەر رەمەزان فتاح) | 2014 |
| 15 | War tv sport | تایبەت | وەرزشی | کۆمپانیای پالۆ (تەمەر رەمەزان فتاح) | 2013 |
| 16 | Newroz tv | گشتی | گشتی | لەلایەن هاوڵاتیان پاڵپشتی دەکرێت | 2007 |
| 17 | Ronahi tv | گشتی | گشتی | لەلایەن هاوڵاتیان پاڵپشتی دەکرێت | 2011 |
| 18 | Med muzik | تایبەت | گۆرانی | لەلایەن هاوڵاتیان پاڵپشتی دەکرێت | 2013 |
| 19 | E vin tv | تایبەت | گۆرانی | لەلایەن هاوڵاتیان پاڵپشتی دەکرێت | 2013 |

* هەندێک لەو کەناڵە ئاسمانیە کوردییانە لەئێستادا بەهۆکاری جیاواز لەکاردا نین. (توێژەران).


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2012 | لەلایەن هاوڵاتیان پاڵپشتی دەکرێت | گشتی | گشتی | Sterk tv | 20 |
| 2013 | لەلایەن هاوڵاتیان پاڵپشتی دەکرێت | گشتی | گشتی | Mednuce zindi | 21 |

ب. کەناڵە ئاسمانیە کوردیە حیزبییەکان:( محمد، 2015، ص49 ) (*)

| ساڵی دامەزراندن | خاوەنداریەتی کەناڵ | سروشتی ناوەڕۆک | جۆر | ناوی کەناڵ | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | پارتی دیموکراتی کوردستان | هەواڵی | تایبەت | Rudaw | 1 |
| 2008 | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | هەواڵی | تایبەت | GK | 2 |
| 2000 | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | گشتی | گشتی | Kurdsat | 3 |
| 2007 | بزووتنەوەی گۆڕان | هەواڵی | تایبەت | Knn | 4 |
| 2010 | پارتی دیموکراتی کوردستان | هونەر و میوزیک | تایبەت | Korek | 5 |
| 1999 | پارتی دیموکراتی کوردستان | گشتی | گشتی | Kurdistan Tv | 6 |
| 2012 | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | گشتی | گشتی | Badinan Sat | 7 |
| 2008 | پارتی دیموکراتی کوردستان | گشتی | گشتی | Zagroz | 8 |
| 2009 | ناراستەوخۆ بەستراوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان | میوزیک | تایبەت | Vin | 9 |
| 2011 | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | گشتی | گشتی | Speda | 10 |
| 2010 | سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | گشتی | گشتی | Jamawar | 11 |
| 2011 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | گشتی | گشتی | Payam | 12 |
| 2010 | پارتی دیموکراتی کوردستان | هونەری | تایبەت | Kanal 4 | 13 |
| 2013 | حیزبی شیوعی کوردستان | گشتی | گشتی | Rega | 14 |
| 2014 | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | هەواڵی | تایبەت | Kurdsat News | 15 |
| 2012 | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | گشتی | گشتی | Kirkuk | 16 |
| 2011 | بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان | گشتی | گشتی | رابوون | 17 |

ئامانج لەخستنەڕووی سەرجەم کەناڵەکان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بێجگەلەوەی چەند کەناڵێکیان تەواوی پەخشەکەیان بە زاری کرمانجی سەرووە، بەشی هەرە زۆریشیان بەشێک لەپەخشەکانیان بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامە جیاوازەکانیان بەو زارە تەرخانکردووە، ئەوە سەرباری ئەوەشی کەسەرجەم کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان، گەشتی سەرەکی هەواڵەکانیان بەهەردوو شێوەزاری (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) پێشکەش دەکەن

## (لایەنی مەیدانیی توێژینەوە)

### دووەم: تەوەری تایبەت بە تەماشاکردنی کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان:

**1.تەماشاکردنی ئامرازە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن.**

خشتەی ژمارە (2)

| ئاست | ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | زیاتر تەماشای کام لەم ئامرازانەی ڕاگەیاندن دەکەیت؟ |
|---|---|---|---|

* هەندێک لەو کەناڵە ئاسمانیە کوردییانە لەئێستادا بەهۆکاری جیاواز لەکاردا نین. (توێژەران).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەلەڤزیۆن | 72 | %46 | دووەم |
| ڕادیۆ | 0 | %0 | چوارەم |
| ڕۆژنامە | 0 | %0 | چوارەم |
| گۆڤار | 8 | %5 | سێیەم |
| میدیای ئینتەرنێتی | 76 | %49 | یەکەم |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (1)، پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەی (49%)، (میدیای ئینتەرنێتی) یەکێک لەئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن و پلەی دووەمیشیان؛ بەڕێژەی (46%)، (تەلەڤزیۆن) بەکاردەهێنن و لەپاڵ ئەوەشدا (گۆڤار) لەپلەی سێیەم و بەڕێژەی (5%) دێت و هەرچی ئامرازەکانی (ڕادیۆ ، ڕۆژنامە)شە، هیچ یەکێک لەبەرتوێژان بەکارهێنەری نین. لەئەنجامەکانەوە ڕووندەبێتەوە کە (میدیای ئینتەرنێتی) بەپلەی یەکەم و (تەلەڤزیۆن) بەپلەی دووەم، لەگرنگترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندنن لەڕووی بەکارهێنانەوە لەلای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان و کاریگەریان لەهەموو ئامرازەکانی تر زیاترە لەسەریان.

## 2.ماوەی تەماشاکردنی کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان.

خشتەی ژمارە (3)

| ڕۆژانە بۆماوەی چەند کاتژمێر تەماشای کەناڵەئاسمانیەکوردییەکان دەکەیت؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| کەمتر لەکاتژمێرێک | 100 | %64 | یەکەم |
| (1 – 3) کاتژمێر | 48 | %31 | دووەم |
| زیاتر | 8 | %5 | سێیەم |

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە ڕێژەی (64%)ی بەرتوێژان ڕۆژانە کەمتر لە کاتژمێرێک تەماشای کەناڵەئاسمانیە کوردییەکان دەکەن و لەپلەی یەکەمدایە، ڕێژەی (48%)یش ڕۆژانە بۆماوەی (1-3) کاتژمێر تەماشای کەناڵەئاسمانیەکان دەکەن و لەپلەی دووەمدان، هەرچی پلەی سێیەمی بەرتوێژانیشە کەبەڕێژەی (8%) دێن، ڕۆژانە زیاتر لە سێ کاتژمێر تەماشای کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان دەکەن.

لەئەنجامەکانی خشتەی ژمارە(3)وە دەردەکەوێت، زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ڕۆژانە کەمتر لەکاتژمێرێک تەماشای کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان دەکەن.

## 3.تەماشاکردنی بەرنامە جۆراوجۆرەکان لەکەناڵەئاسمانییە کوردییەکاندا.

خشتەی ژمارە (4)

| بەزۆری تەماشای چ جۆرە بەرنامەیەک لە کەناڵەئاسمانیەکوردییەکان دەکەیت؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەرنامە هەواڵیەکان | 52 | %33 | یەکەم |
| بەرنامە هونەریەکان | 48 | %31 | دووەم |
| بەرنامە ئاینیەکان | 0 | %0 | پێنجەم |
| بەرنامە وەرزشیەکان | 12 | %8 | چوارەم |
| دراما | 44 | %28 | سێیەم |

بەپێی ئەنجامەکان، پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەی (33%) تەماشای (بەرنامە هەواڵیەکان) لەکەناڵەئاسمانیە کوردییەکان دەکەن، هەروەها پلەی دووەمیان بەڕێژەی (31%) تەماشای (بەرنامە هونەرییەکان) و پلەی سێهەمیشیان بەڕێژەی (28%) تەماشای (دراماکان) دەکەن، هەرچی پلەی چوارەمیشە بەڕێژەی (8%) تەماشای (بەرنامە وەرزشیەکان) دەکەن، تەماشاکردنی (بەرنامە ئاینییەکان)یش بەڕێژەی (0%) دێت.

لەئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت، (بەرنامە هەواڵیەکان) لەگرنگترین بەرنامەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانن لای بەرتوێژان، هاوکات (بەرنامە ئاینییەکان) خاوەنی هیچ پێگەیەک نین لەڕووی تەماشاکردنەوە لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

### 4.مەبەستەکانی پشت تەماشاکردنی کەناڵەئاسمانیە کوردییەکان.

خشتەی ژمارە (5)

| بە چ ئامانجێک تەماشای کەناڵەئاسمانیە کوردییەکان دەکەیت؟ | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|---|
| دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری | 74 | %47 | یەکەم |
| کاتبەسەربردن | 44 | %28 | دووەم |
| خۆ ڕۆشنبیرکردن | 12 | %8 | چوارەم |
| ئاشنابوون بەزارەکانی زمانی کوردی | 26 | %17 | سێیەم |

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەی (47%) بەمەبەستی (دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری) تەماشای کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان دەکەن و لەپلەی یەکەمدایە، پلەی دووەمیش کەبەڕێژەی (28%) دێن بەئامانجی (کاتبەسەربردن) و پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (17%) بۆ (ئاشنابوون بەزارەکانی زمانی کوردی) تەماشای کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان دەکەن، هەروەها ڕێژەی (8%) بەرتوێژان بۆ مەبەستی (خۆ ڕۆشنبیرکردن) تەماشای کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان دەکەن و لەپلەی چوارەمدان.

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (5) دەریدەخات، گرنگترین ئامانجی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لە تەماشاکردنی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان بریتیە لەدەستکەوتنی (هەواڵ و زانیاری).

## سێ یەم: تەوەری پەیوەندی نێوان تەماشاکردنی کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان و پرۆسەی تێگەیشتن لە زاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

خشتەی ژمارە (6)

| دەستەواژە | زۆر ڕازیم | | ڕازیم | | دلنیانیم | | ڕازینیم | | زۆر ناڕازیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| ێبیستی هاواڵەکان بم لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە زاری کرمانجی س | 36 | 23 | 60 | 38 | 24 | 15 | 32 | 21 | 4 | 3 |
| واڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان)، ئاشنایەتی زارە ی زمانی کوردی پێبەخشیم. | 24 | 15 | 36 | 23 | 56 | 36 | 20 | 13 | 8 | 5 |
| ەواڵەکان بەزاری کرمانجی سـەروو لەکەناڵەئاسـمانیەکوردییەکان)،وایکرد ب شێوەزاری کرمانجی سەروو و ناوەڕاست لەیەکدی جیابکەمەوە. | 32 | 20.5 | 56 | 36 | 32 | 20.5 | 24 | 15 | 12 | 8 |
| شـــتنم لەوبەرنامانە نیە کە بەزاری کرمانجی ســـەروو لەکەناڵە ئاســـم . | 16.5 | 10 | 56 | 36 | 40 | 25.5 | 32 | 20.5 | 12 | 7.5 |
| شاکردنی گەشتی هەواڵەکان لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان بەکرمانجی سەر شە فەرهەنگیەکان فێربووم. | 40 | 25.5 | 76 | 48 | 8 | 5 | 20 | 13 | 12 | 7.5 |



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2.5 | 4 | 8 | 12 | 30.5 | 48 | 38.5 | 60 | 20.5 | 32 | م گەشـتی هەواڵەکان لەکەناڵەئاسـمانییەکوردییەکان بەزاری کرمانجی سـە<br>کردنەوەی ئاستی تێگەیشتنم لەو زارە دەبینێت. |
| 18 | 28 | 20.5 | 32 | 38.5 | 60 | 18 | 28 | 5 | 8 | هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سـەروو لەکەناڵەئاسـمانییەکوردییەکان)، فێرێ<br>نیەکان بەزاری کرمانجی سەروو دەرببڕم. |
| 2.5 | 4 | 10 | 16 | 18 | 28 | 56.5 | 88 | 13 | 20 | اشاکردنی (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەئاسمانییەک<br>نووسین بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێنمەوە. |
| 15.5 | 24 | 31 | 48 | 36 | 56 | 10.5 | 16 | 7 | 12 | اشاکردنی (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەئاسمانییەک<br>بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بنووسم. |
| 25.5 | 40 | 28 | 44 | 25.5 | 40 | 10.5 | 16 | 10.5 | 16 | اشـاکردنی گەشـتی هەواڵەکان لەکەناڵەئاسـمانییە کوردییەکان، ئێسـتا دە<br>ی سەروو بۆ هاوڕێیانم بگوازمەوە. |
| 8 | 12 | 5 | 8 | 18 | 28 | 41 | 64 | 28 | 44 | ئەم شێوەزاری کرمانجی سەروو خاوەن تایبەتمەندی زمانی تایبەت بەخۆیە |
| 5 | 8 | 7.5 | 12 | 15.5 | 24 | 38.5 | 60 | 33.5 | 52 | بەکارهێنانی زاراوەی عەرەبی و تورکی لەنێو زاری کرمانجی سەروو، لەڕێ<br>کان ـەوە دەبیستم. |
| 8 | 12 | 5 | 8 | 23 | 36 | 46 | 72 | 18 | 28 | بەهۆی جیاوازی شێوەزاری بێژەری گەشتی هەواڵەکان لە<br>ەکوردییەکان، ئاستەنگی تێگەیشتنم لەناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیەنراو بۆ درو |
| 7.5 | 12 | 10.5 | 16 | 7.5 | 12 | 36 | 56 | 38.5 | 60 | و برەودان بەگەشـتی هەواڵ و بەرنامەکان بەزاری کرمانجی سـەروو، د<br>ەیەکی باشتر لەو زارەی زمانی کوردی بگەم. |
| 5 | 8 | 13 | 20 | 16 | 24 | 33 | 52 | 33 | 52 | ماشـاکردنی گەشـتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سـەروو لەکەناڵەئاسـم<br>دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی هەیە. |
| 2.5 | 4 | 10 | 16 | 2.5 | 4 | 18 | 28 | 67 | 104 | رنووسی بەرنامەی گەشتی هەواڵەکان بەهەردوو زاری کرمانجی سەروو و<br>وسرێت. |
| 5 | 8 | 7 | 12 | 18 | 28 | 33 | 52 | 36 | 56 | جگە لە گەشتی هەواڵەکان، زاری کرمانجی سەروو لەبەرنامە و ڕیکلامی<br>کانیش بەکاربهینریت. |
| 10 | 16 | 8 | 12 | 16 | 24 | 41 | 65 | 25 | 39 | ەشـــتی هەواڵ لە کەناڵەئاســـمانیە کوردییەکان، لەڕێگەی ئامرازی تریشـ<br>روو بووم و دەبم. |
| 0 | 0 | 5 | 8 | 21 | 32 | 38 | 60 | 36 | 56 | هەواڵەکـان بەزاری کرمـانجی زیـاتر لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە کـاریگەرتر<br>ی ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندنەوە. |
| 5 | 8 | 0 | 0 | 15 | 24 | 31 | 48 | 49 | 76 | واڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو گرنگە بۆ لێکنزیککردنەوەی زارەکانی زم<br>ری و دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی. |
| 2.5 | 4 | 5 | 8 | 20.5 | 32 | 36 | 56 | 36 | 56 | ی زاری کرمـانجی ســـەروو لەکەنـاڵەکـانی ڕاگەیـانـدن، هۆکـارێکی گرنگ<br>ی نەتەوەیی. |
| 0 | 0 | 3 | 4 | 10 | 16 | 33 | 52 | 54 | 84 | رنامەی تایبەت بەزارەکانی زمانی کوردی لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان<br>ت. |
| 18 | 28 | 5 | 8 | 5 | 8 | 24 | 38 | 48 | 75 | دەزانم بەرنامەی فێرکاری تایبەت بەزاری کرمانجی ســـەروو لەکەناڵە<br>ت. |



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

5. بەشی زۆری بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەكە بەڕێژەی (38%) كەلەپلەی یەكەمدا دێت، (پێیانخۆشە گوێبیستی هاواڵەكان بن لەكەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان بە زاری كرمانجی سەروو)، لەپلەی دووەمیشدا ڕێژەی(23%) زۆر ڕازین، پلەی سێیەمیش، (21%) ڕازینین، لەپلەی چوارەمیشدا (15%) دڵنیانین و كۆتا پلەش (3%) زۆرناڕازین بە گوێبستبوونی هەواڵەكان لە كەناڵە ئاسمانیە كوردییەكان بەزاری كرمانجی سەروو). ئەمەش ئەوە ئاشكرادەكات، كە زۆرینەی خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان ڕازیین و پێیانخۆشە گوێبیستی هەواڵەكان بەزاری كرمانجی سەروو بین لەكەناڵەئاسمانیە كوردییەكاندا.
6. زۆرینەی خوێندكارانی بەشداری ڕاپرسی توێژینەوەكە، بەڕێژەی (36%) كەلەپلەی یەكەمدا هاتووە، لەوە دڵنیانین كە (گەشتی هەواڵەكان بەزاری كرمانجی سەروو لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان)، ئاشنایەتی باشی دەربارەی ئەو زارەی زمانی كوردی پێبەخشیبن)، لەپلەی دووەمیشدا ڕێژەی (23%) ڕازین، ڕێژەی (15%) زۆر ڕازین و لەپلەی سێیەمدان، هەروەها پلەی چوارەم بەڕێژەی (13%) ڕازینین و ڕێژەی (5%) یش بەهیچ شێوەیەك لەگەڵیدانین و لەپلەی پێنجەمدایە. لەو ئەنجامانەوە ئاشكرادەبێت كە خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان لەوە دڵنیانین كە (گەشتی هەواڵەكان بەزاری كرمانجی سەروو لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان)، ئاشنایەتی باشی دەربارەی ئەو زارە ی زمانی كوردی پێبەخشیبن)، بەڵكو دەشێت بەرنامە جیاجیاكانی تری كەناڵەئاسمانییەكان و ئامرازی تر بەو زارەی ئاشناكردبن.
7. پلەی یەكەمی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەكە، بەڕێژەی (36%) ڕازین بەوەی كە (گەشتی هەواڵەكان بەزاری كرمانجی سەروو لە كەناڵە ئاسمانیە كوردییەكان)، وایكردووە بتوانن سنوری جوگرافی زارو شێوەزاری كرمانجی سەروو و ناوەڕاست لەیەكدی جیابكەنەوە)، لەپلەی دووەمیشدا بەدووبارەیی ڕێژەی (20.5%) هەردوو وەڵامی (زۆر ڕازیم، دڵنیانیم) هاتووە، هاوكات ڕێژەی (15%) ڕازینین و لەپلەی سێیەمدایە، لەپلەی كۆتاییشدا ڕێژەی (8%) زۆر ناڕازین. ئەنجامەكان پیشانی دەدات كە زۆرینەی خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان ڕازین بەوەی كە (گەشتی هەواڵەكان بەزاری كرمانجی سەروو لەكەناڵەئاسمانییەكوردییەكان)،وایكردووە بتوانن سنوری جوگرافی زارو شێوەزاری كرمانجی سەروو و ناوەڕاست لەیەكدی جیابكەنەوە).
8. بەشی هەرەزۆری بەرتوێژانی ڕاپرسی توێژینەوەكە، بەڕێژەی (36%) ڕازین بەوەی كە (گرفتی تێگەیشتنیان لەوبەرنامانە نیە كە بەزاری كرمانجی سەروو لەكەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانەوە پەخش دەكرێن)، لەپلەی دووەمیشدا ڕێژەی (25.5%) دڵنیانین و ڕێژەی (20.5%)یش ڕازینین و لەپلەی سێیەمدان، هەروەها ڕێژەی (10%) زۆر ڕازین و لەپلەی چوارەم دێن و لەپلەی كۆتاییشدا ڕێژەی (7.5%) زۆرناڕازین. ئەنجامەكان دەریدەخەن كە پلەی یەكەمی خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان گرفتی تێگەیشتنیان لەوبەرنامانە نیە كە بەزاری كرمانجی سەروو لەكەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانەوە پەخش دەكرێن.
9. وەك پلەی یەكەم، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەكە بەڕێژەی (48%) ڕازین بەوەی كە (بەهۆی تەماشاكردنی گەشتی هەواڵەكان لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان بەكرمانجی سەروو، واتای بەشێك لە وشە فەرهەنگیەكان فێربوون)، ڕێژەی (25.5%) زۆر ڕازین و لەپلەی دووەمدان، ڕێژەی (13%) ڕازینین و لەپلەی سێیەمدان، هەروەها پلەی چوارەم بەڕێژەی (7.5%) زۆر ناڕازین و هەرچی پلەی پێنجەم و كۆتاییشە بەڕێژەی (5%) دڵنیانین. ئەو ئەنجامانە دەریانخستووە كە زۆرینەی خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان، بەهۆی تەماشاكردنی گەشتی هەواڵەكان لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان بەكرمانجی سەروو، واتای بەشێك لە وشە فەرهەنگیەكان فێربوون.
10. زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەكە، بەپلەی یەكەم و بەڕێژەی (38.5%) ڕازین بەوەی كە(هەستدەكەن گەشتی هەواڵەكان لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان بەزاری كرمانجی سەروو، ڕۆڵی گرنگ لەبەرزكردنەوەی ئاستی تێگەیشتنیان لەو زارە دەبینێت)، ڕێژەی (30.5%) دڵنیانین و لەپلەی دووەمدایە، ڕێژەی (20.5%) زۆر ڕازین و لەپلەی سێیەمدان، هەرچی پلەی چوارەمە ڕێژەی (8%) ەو پلەی كۆتاییش بەڕێژەی (2.5%) زۆر ناڕازیین. لەو ئەنجامانەوە دەردەكەوێت كە پلەی یەكەمی خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان، هەستدەكەن گەشتی هەواڵەكان لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان بەزاری كرمانجی سەروو، ڕۆڵی گرنگ لەبەرزكردنەوەی ئاستی تێگەیشتنیان لەو زارە دەبینێت.
11. زۆرینەی خوێندكارانی بەشداربووی ڕاپرسی توێژینەوەكە، بەڕێژەی (38.5%) دڵنیانین لەوەی كە (گەشتی هەواڵەكان بەزاری كرمانجی سەروو لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان)، فێریكردبن بزانن چۆن یەكەزمانیەكان بەزاری كرمانجی سەروو دەربڕن)، ڕێژەی (20.5%) ڕازینین و لەپلەی دووەمدان، پلەی سێیەمیش بەدووبارەیی ڕێژەی(18%) بۆ هەردوو وەڵامی

(ڕازیم ، زۆر ناڕازیم) بووە، پلەی چوارەمیش بەڕێژەی (5%) زۆر ڕازین. بەپێی ئەو ئەنجامانە، زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە دڵنیانین لەوەی کە (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)، فێریکردبن بزانن چۆن یەکەزمانیەکان بەزاری کرمانجی سەروو دەربڕن.

12. پلەی یەکەمی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (56.5%) ڕازین بەوەی کە (بەهۆی تەماشاکردنی (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئێستا دەتوانن نووسین بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێننەوە)، ڕێژەی (18%) دڵنیانین و لەپلەی دووەمدان، ڕێژەی (13%) زۆر ڕازین و لەپلەی سێیەمدان، هەروەها پلەی چوارەم بە ڕێژەی (10%) ڕازینین و پلەی پێنجەم و کۆتاییش بەڕێژەی (2.5%) زۆر ناڕازین. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانە دەرکەوتووە، زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەهۆی تەماشاکردنی (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)، ئێستا دەتوانن نووسین بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێننەوە.

13. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (36%) دڵنیانین لەوەی کە (بەهۆی تەماشاکردنی (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بتوانن بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بنووسن)، ڕێژەی ( 31%) ڕازینین و لەپلەی دووەمدا دێن، پلەی سێیەم بەڕێژەی (15.5%) زۆر ناڕازین و پلەی چوارەمیش بەڕێژەی (10.5%) ڕازین و هەرچی پلەی پێنجەم و کۆتاییشە بەڕێژەی (7%) زۆر ڕازین. لەوەشەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی زۆری خوێندکارانی زانکۆ دڵنیانین لەوەی کە (بەهۆی تەماشاکردنی (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)، بتوانن بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بنووسن).

14. پلەی یەکەمی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (44%) ڕازینین بەوەی کە (بەهۆی تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان لەکەناڵەئاسمانییە کوردییەکان، بتوانن پەیام بەزاری کرمانجی سەروو بۆ هاوڕێیانیان بگوازنەوە)، پلەی دووەم بەدووبارەیی ڕێژەی(40%) بۆ هەردوو وەڵامی (دڵنیانیم ، زۆر ناڕازیم) بووە، هەروەها پلەی سێیەم بەدووبارەیی ڕێژەی (10.5%) بۆ هەردوو وەڵامی (زۆر ڕازیم، ڕازیم) بووە. ئەنجامەکان پیشانی دەدەن کە زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ڕازینین بەوەی کە بەهۆی تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە، توانای ئەوەیان لا دروست بووبێت کە پەیام بەزاری کرمانجی سەروو بۆ هاوڕێیانیان بگوازنەوە.

15. پلەی یەکەمی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (41%) ڕازین بەوەی کە (هەست دەکەن شێوەزاری کرمانجی سەروو خاوەن تایبەتمەندی زمانی تایبەت بەخۆیەتی)، ڕێژەی (28%) زۆر ڕازین و لەپلەی دووەم دێن، هەروەها پلەی سێیەم بەڕێژەی (18%) دڵنیانین و ڕێژەی (8%) زۆر ناڕازین و پلەی کۆتاییش بەڕێژەی (5%) ڕازینین و لەپلەی پێنجەم هاتوون. لەوەشەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بەهۆی تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، دەتوانن پەیام بەزاری کرمانجی سەروو بۆ هاوڕێیانیان بگوازنەوە.

16. خوێندکارانی بەشداری ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەڕێژەی (38.5%) و لەپلەی یەکەم، ڕازین بەوەی کە (هەندیکجار بەکارهێنانی زاراوەی عەرەبی و تورکی لەنێو زاری کرمانجی سەروو، لەڕێگەی گەشتی هەواڵەکان ـەوە دەبیستن)، ڕێژەی (33.5%) تەواو ڕازین و لەپلەی دووەمدان، ڕێژەی (15.5%) لەگوێبیستبوونی زاراوەی عەرەبی و تورکی لەنێو زاری کرمانجی سەروو دڵنیانین و لەپلەی سێیەمدان، هەروەها پلەی چوارەم بە ڕێژەی (7.5%) ڕازینین و پلەی پێنجەم و کۆتاییش بەڕێژەی (5%) زۆر ناڕازین. ئەو ئەنجامانە پیشانی دەدات کە خوێندکارانی زانکۆ ڕازین بەوەی کە هەندیکجار بەکارهێنانی زاراوەی عەرەبی و تورکی لەنێو زاری کرمانجی سەروو،لەڕێگەی گەشتی هەواڵەکان ـەوە دەبیستن.

17. بەرتوێژان لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (46%) ڕازین بەوەی کە (هەندێکجار بەهۆی جیاوازی شێوەزاری بێژەری گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئاستەنگی تێگەیشتنیان لەناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیەنراو بۆ دروست دەبێت)، ڕێژەی (23%) دڵنیانین و لەپلەی دووەمدان، ڕێژەی (18) زۆر لەگەڵیدان و لەپلەی سێیەمدان، هەروەها پلەی چوارەم بەڕێژەی (8%) بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیدانین و پلەی پێنجەمیش بەڕێژەی (5%) ڕازینین. لەو ئەنجامەشەوە دەگەین بەوەی کە بەهۆی جیاوازی شێوەزاری بێژەری گەشتی هەواڵەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئاستەنگی تێگەیشتنیان لەناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیەنراو بۆ خوێندکاران دروست دەبێت.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

18. پلەی یەکەمی سامپڵی توێژینەوەکە، بەڕێژەی (38.5%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە (بەردەوامی و برەودان بەگەشتی هەواڵ و بەرنامەکان بەزاری کرمانجی سەروو، دەبێتەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر لەو زارەی زمانی کوردی بگەن)، ڕێژەی (36%) دیسان بەوە ڕازین و لەپلەی دووەمدان، پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (10.5%) بەوە ڕازینین و پلەی چوارەمیش بەدووبارەیی ڕێژەی(7.5%) بۆ هەردوو وەڵامی (دڵنیانیم، زۆر ناڕازیم) بووە. ئەو ئەنجامەش دەریدەخات کە بەردەوامی و برەودان بەگەشتی هەواڵ و بەرنامەکان بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان،دەبێت بەهۆی ئەوەی خوێندکارانی زانکۆ بەشێوەیەکی باشتر لەو زارەی زمانی کوردی بگەن.

19. زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەپلەی یەکەم و بەدووبارەیی ڕێژەی (33%) هەردوو وەڵامی (زۆر ڕازیم، ڕازیم)یان هەڵبژاردووە، کە (پێیانوایە، تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕۆڵی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی هەیە)، ڕێژەی (16%) دڵنیانین و لەپلەی دووەمدان، پلی سێیەمیش بەڕێژەی (13%) بەوە ڕازینین و پەی چوارەم و کۆتاییش بەڕێژەی (5%) زۆر ناڕازین. ئەو ئەنجامەش ئەوە پیشاندەدات کە تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕۆڵی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی هەیە.

20. پلەی یەکەمی بەرتوێژانی توێژینەوەکە، بەڕێژەیەکی زۆر بەرز و بە(67%) زۆر ڕازین بەوەی کە (ژێرنووسی بەرنامەی گەشتی هەواڵەکان بەهەردوو زاری کرمانجی سەروو و ناوەڕاست لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بنووسرێت)، هاوکات ڕێژەی (18%) دیسانەوە بەوە ڕازین و لەپلەی دووەمدا دێن، پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (10%) بەوە ڕازینین و پلەی چوارەمیش بەدووبارەیی ڕێژەی (2.5%) هەردوو وەڵامی (دڵنیانیم، زۆر ناڕازیم)یان هەڵبژاردووە. بەو ئەنجامەشەوە دەرکەوتووە، خوێندکاران بەڕێژەیەکی زۆربەرز نووسینی ژێرنووسی بەرنامەی گەشتی هەواڵەکان لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان بەهەردوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و سەروو زۆر بەپێویست دەزانن.

21. سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (36%) زۆر بەوە ڕازین کە (بێجگە لە گەشتی هەواڵەکان، زاری کرمانجی سەروو لەبەرنامە و ڕیکلامی کەناڵە ئاسمانیەکانیش بەکاربهێنرێت)، ڕێژەی (33%) دیسان بەوە ڕازین و لەپلەی دووەمدا هاتوون، پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (18%) لەوە دڵنیانین و ڕێژەی (7%)یش بەوە ڕازینین و کۆتا پلەش کە پلە پێنجەمە بەڕێژەی (5%) زۆر بەوە ناڕازین. بەپێی ئەو ئەنجامەش، زۆر خوێندکارانی زانکۆ بەڕێژەیەکی زۆربەرز بەباشی دەزانن کە بێجگە لە گەشتی هەواڵەکان، زاری کرمانجی سەروو لەبەرنامە و ڕیکلامی کەناڵە ئاسمانیەکانیش بەکاربهێنرێت.

22. پلەی یەکەمی سامپڵی توێژینەوەکە، لەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (41%) ڕازین بەوەی کە (بێجگە لە گەشتی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، لەڕێگەی ئامرازی تریشەوە ئاشنای زاری کرمانجی سەروو بوون و دەبن)، ڕێژەی (25%) دیسان زۆر بەوە ڕازین و لەپلەی دووەمدا دێن، پلەی سێیەمی برتوێژانیش بەڕێژەی (16%) لەوە دڵنیانین، پلەی چوارەمیش بەڕێژەی (10%) زۆربەوە ناڕازین و پلەی پێنجەم و کۆتاییش بەڕێژەی (8%) بەوە ڕازینین. ئەنجامەکان بەڕێژەیەکی زۆربەرز دەریدەخات کە بێجگە لە گەشتی هەواڵ لە کەناڵەئاسمانیە کوردییەکان، خوێندکارانی زانکۆ لەڕێگەی ئامرازی تریشەوە ئاشنای زاری کرمانجی سەروو بوون و دەبن.

23. زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (38%) ڕازین بەوەی کە (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو، زیاتر لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە کاریگەرترە بۆ تێگەیشتن، تاوەکو لەڕێگەی ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندنەوە)، ڕێژەی (36%)یش دیسان زۆر بەوە ڕازین و لەپلەی دووەمدا هاتوون، پلەی سێیەمی بەرتوێژانیش بەڕێژەی (21%) لەوە دڵنیانین، پلەی چوارەمیش بەڕێژەی (5%) بەوە ڕازینین و هەرچی پلەی پێنجەم و کۆتاییشە هیچ ڕێژەیەکی وەرنەگرتووە. ئەو ئەنجامانە بەڕێژەیەکی بەرز دەریدەخەن کە پێشکەشکردنی گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زیاتر لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە کاریگەرترە بۆ تێگەیشتن، تاوەکو لەڕێگەی ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندنەوە.

24. پلەی یەکەمی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە بەڕێژەی (49%) زۆر ڕازین بەوەی کە (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو گرنگە بۆ لێکنزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی لەیەکتری و دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی)، ڕێژەی (31%) بەوە ڕازین و لەپلەی دووەمدا دێن، هەروەها پلەی سێیەمی بەشداربووان بەڕێژەی (15%) لەوە دڵنیانین و


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ڕێژەی (5%) یش زۆر بەوەناڕازین و هیچ یەکێکیش لەبەرتوێژان بژاردەی(ڕازینیم)ی هەڵنەبژاردووە. بەپێی ئەو ئەنجامانەش، گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو زۆر گرنگە بۆ لێکنزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی لەیەکتری و دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی.

25. سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم و بەدووبارەیی ڕێژەی (36%) هەردوو وەڵامی (زۆر ڕازیم، ڕازیم)یان هەڵبژاردووە کە (بەکارهێنانی زاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی)، ڕێژەی (20.5%) لەوە دڵنیانین و لەپلەی دووەمدان، هەرچی پلەی سێیەمیشە بەڕێژەی (5%) بەوە ڕازینین و پلەی چوارەم و کۆتاییش بەڕێژەی (2.5%) زۆر بەوەناڕازین. بەپێی ئەو ئەنجامەش، بەکارهێنانی زاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی.

26. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ڕێژەی (54%)ی بەرتوێژان زۆر بەوەڕازین و (پێیانباشە کە بەرنامەی تایبەت بەزارەکانی زمانی کوردی لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان پێشکەش بکرێت) و لەپلەی یەکەمدان، پلەی دووەمیش بەڕێژەی (33%) دیسان بەوە ڕازین، هەرچی پلەی سێیەمیشە بەڕێژەی (10%) لەوە دڵنیانین و پلەی چوارەمیش کەڕێژەی (3%) وەرگرتووە، بەوە ڕازینین و پلەی پێنجەمیش کە(زۆر ناڕایم)ە، هیچ ڕێژەیەکی وەرنەگرتووە. بەپێی ئەو ئەنجامانە دەرکەوتووە کە زۆرینەی ڕەهای خەڵک لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بەزارەکانی زمانی کوردین لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و هیچ کەسێکیش بەتەواوی دژ بەوە نیە.

27. زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە، بەڕێژەی (48%) زۆر ڕازین بەوەی کە (بەباشی دەزانن کەبەرنامەی فێرکاری تایبەت بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێشکەش بکرێت)، ڕێژەی (24%) بەوە ڕازین و لەپلەی دووەمدا دێن، هاوکات ڕێژەی (18%) زۆر ناڕازین بەوە و لەپلەی سێیەمدا هاتوون، هەروەها پلەی چوارەمیش بەدووبارەیی ڕێژەی (5%) هەردوو وەڵامی (دڵنیانیم، ڕازینیم) وەڵامدراوەتەوە. ئەو ئەنجامەش دەریدەخات کە کارێکی زۆر پێویستە بەرنامەی فێرکاری تایبەت بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێشکەش بکرێت.

**28. دیدگاو بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە زاری کرمانجی سەروو.**

**بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لەم خاڵانەدا پوخت بکرێتەوە:**

1.زارێکی بەرفراوانی زمانی کوردییە و زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان بەکاریدەهێنن.

2.زمانی نەتەوەیە، هەر بۆیە گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و پتەوکردنی و لەکۆتاییشدا دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی.

3.زۆر گرنگە لەقوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان گرنگی پێبدرێت و لەپرۆگرامەکانی خوێندن جێگە و پێگەی تایبەتی هەبێت.

4.لەڕێگەی ئەم زارەوە دەتوانین بەشێوەیەکی باشتر بە داب و نەریتی ئەو بەشە لەنەتەوەکەمان ئاشنابین کە ئەو زارە زمانی نووسین و ئاخاوتنیانە.

5.بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی زمانی کوردی و پتەوکردنی، گرنگیدان بە زاری کرمانجی سەروو گرنگ و پێویستە.

6.هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ زاری کرمانجی ناوەڕاست نیە و هاوشان و تەواوکەری یەکدین.

7.بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەبوارە جیاوازەکان گرنگە.

**29.بۆچوونی سامپڵی توێژینەوە لەسەر بەکارهێنانی جووتزاری (زاری کرمانجی سەروو هاوشانی زاری کرمانجی ناوەڕاست)، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.**

خشتەی ژمارە (7)

| ئایا پێتباشەجووتزاری (زاری کرمانجی سەروو هاوشانی زاری کرمانجی ناوەڕاست)، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاربهێنرێت؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەکان |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 142 | %91 | یەکەم |
| نەخێر | 24 | %9 | دووەم |



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

(91%) بەرتوێژان پێیانباشە جووتزاری (زاری کرمانجی سەروو هاوشانی زاری کرمانجی ناوەڕاست)، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاربهێنرێت ولەپلەی یەکەمدایە، هەروەها (9%) بەرتوێژان کەلەپلەی دووەمدا دێن، لەگەڵ ئەوەدان کە تەنها زاری کرمانجی ناوەڕاست لەبەرنامەکانی کەناڵەئاسمانییەکوردییەکاندا بەکاربهێنرێت.

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی ڕەهای خوێندکارانی زانکۆ پێیانباشە کە جووتزاری (زاری کرمانجی سەروو هاوشانی زاری کرمانجی ناوەڕاست)، لە هەواڵ و بەرنامە جیاوازەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاربهێنرێت. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە دەتوانن لەناوەڕۆکی پەیامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێوەزاری کرمانجی سەروو تێبگەن و گرفتیان نیە.

## - ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی سامپڵی توێژینەوەی بۆچوونیان بەرامبەر بەکارهێنانی (جووتزاری) لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان نەرێنی بێت، بریتین، لە:

1. وەک پێویست و بەشێوەیەکی دروست لەقوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان پێمان ئاشنا نەکراوە و زۆربەی مامۆستایان ئەو بابەتانەی تایبەتن بەو زارە نایڵێنەوە و بەسەریدا دەڕۆن.

2.بەرێگری دەزانین لەبەردەم دروستبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی و هەر گرنگیپێدانێکی پەرتکردنی زیاتری زمانی کوردییە.

3.لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانیەوە قورس و ئاڵۆزە.

4.لەهەرێمی کوردستان دەرفەتی ئەوتۆ بەردەست نیە، تاوەکو نەخوێندەوارەکان و بەتەمەنەکان ئاشنای ئەم زمانە ببن.

5.دەترسین لەسەر حیسابی زاری کرمانجی ناوەڕاست گرنگی پێبدرێت.

6.بەکارهێنانی دوو زاری جیاواز لەکەناڵەکان، جۆرێک لە تێکەڵاوی و ئاڵۆزی بۆ تێگەیشتن لەپەیامەکان دروست دەکات.

## *ئەنجامی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان بەچەندین ئەنجامی زانستی گەیشتووە، لەگرنگترینیان:

1. ڕاگەیاندن(کەناڵەئاسمانییەکوردییەکان) لەڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەی گەشتی هەواڵەکان بەتایبەتی و بەرنامەکانی تری بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەو گرنگی لە کاڵکردنەوە تاڕادەی نەهێشتنی ئەو هەستیاریە هەبووە، کە ئاخێوەری زارەکانی زمانی کوردی بەتایبەت (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) لەماوەکانی پێشووتردا بەرامبەر بەیەکدی هەیانبووە.

2. (میدیای ئینتەرنێتی) بەپلەی یەکەم و (تەلەڤزیۆن) بەپلەی دووەم، لەگرنگترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندنن لەڕووی بەکارهێنانەوە لەلای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان و کاریگەریان لەهەموو ئامرازەکانی تر زیاترە لەسەریان.

3. (بەرنامە هەواڵیەکان) لەپێشینەی ئەو بەرنامانەن کە خوێندکارانی زانکۆ لە کەناڵەئاسمانییە کوردییەکان تەماشای دەکەن و بەپلەی یەکەمیش ئامانجیان لێی، دەستکەوتنی هەواڵ و زانیارییە، هاوکات (بەرنامە ئاینییەکان) خاوەنی هیچ پێگەیەک نین لەڕووی تەماشاکردنەوە.

4. زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ڕازیین و پێیانخۆشە گوێبیستی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو ببن لەکەناڵەئاسمانیە کوردییەکاندا.

5. زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ڕازین بەوەی کە (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان)، هۆکار بووە تابتوانن سنوری جوگرافی زارو شێوەزاری کرمانجی سەروو و ناوەڕاست لەیەکدی جیابکەنەوە.

6. پلەی یەکەمی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان گرفتی تێگەیشتنیان لەوبەرنامانە نیە کە بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە پەخش دەکرێن.

7. خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، بەهۆی تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان بەکرمانجی سەروو، واتای بەشێک لە ووشە فەرهەنگیەکان فێربوون.

8. بەشی هەرە زۆری خوێندکارانی زانکۆ بەهۆی تەماشاکردنی (گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان)، ئێستا دەتوانن نووسین بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێننەوە.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

9. تەماشاکردنی گەشتی هەواڵەکان بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەئاسمانییە کوردییەکان، ڕۆڵی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی هەیە.
10. بێجگە لە گەشتی هەواڵ لە کەناڵەئاسمانیە کوردییەکان، خوێندکارانی زانکۆ لەڕێگەی ئامرازی تریشەوە ئاشنای زاری کرمانجی سەروو بوون و دەبن.
11. بەکارهێنانی زاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی و لێکنزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی لەیەکتری و دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی.
12. زۆرینەی ڕەهای خەڵک لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بەزارەکانی زمانی کوردین لەکەناڵەئاسمانییەکوردییەکان و هیچ کەسێکیش بەتەواوی دژ بەوە نیە.
13. زۆرینەی ڕەهای خوێندکارانی زانکۆ پێیانباشە کە جووتزاری (زاری کرمانجی سەروو هاوشانی زاری کرمانجی ناوەڕاست)، لە هەواڵ و بەرنامە جیاوازەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاربهێنرێت.

## *پێشنیاز:

پاش خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەران کۆمەڵێک پێشنیاز بۆ ڕۆڵی زیاتری ڕاگەیاندن لەدروستکردنی پرۆسەی تێگەیشتن لە زاری کرمانجی سەروو دەخەنەڕوو، لەوانە:

1.بەکارهێنان و گرنگیدان بە زاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەسەر حیسابی زارەکانی تر نەبێت و نەبێت بەمایەی پەراوێزخستنی زارەکانی تر.

2.بێژەر و پێشکەشکارانی هەواڵ و ئەو بەرنامانەی کە بەزاری کرمانجی سەروو لەکەناڵەکان پێشکەش دەکرێن، پێویستە شارەزای تەواویان لەزاری کرمانجی سەروو هەبێت.

3.بەکارهێنانی وێنە و گرافیک و ئامرازی تری ڕوونکردنەوەی لە گەشتی هەواڵ و بەرنامەکان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی تەواوەتی هەموو ووشە و زاراوەکان، بەمەبەستی تێگەیشتن لەلای وەرگران.

4.کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەر جۆرە مۆرکێکی سیاسی و ئایدۆلۆجی لەپشت گرنگیدان بەو زارە یان هەر زارێکی دیکەی زمانی کوردی لابدەن، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بەهێزکردن و پتەوکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و بەدیهێنانی ئاسایشی زمانی و هەنگاونان بێت بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی.

5.بەکارهێنانی جووتزاری (کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو) لەپێشکەشکردنی گەشتی هەواڵەکان و بەرهەمهێنانی بەرنامەجیاوازەکانی تری کەناڵەکان.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

## *سەرچاوەكان:

### یەكەم: كتێب

**أ.بەزمانی كوردی**


**1-** ئەحمەد، بەهادین. (2010). سەرەتایەک بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی كوردی. سلێمانی.

**2-** وەهبی، تۆفیق ، گەردی، عەزیز. (2002). كورد و زمانی كوردی. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**3-**حەمەخورشید، فوئاد. (2008). زمانی كوردی و دیالێكتەكانی. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**4-**بەسیر، كامل حەسەن. (1984). زمانی نەتەوایەتی كوردی. بەغداد. چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق.

**5-**بەدلیسی، میر شەرەفخانی. شەرەفنامە. و: مامۆستا هەژار. (2013). چاپی شەشەم، سنە. چاپخانەی بانیز.


**ب.زمانی عەرەبی**


6-(1998).مجمع اللغة العربية. ط3. بيروت. دار صادر للطباعة.

7-البطانية، أسامة، الجراح، عبد الناصر. (2007). علم نفس الطفل غير العادي.عمان. دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

8-نظيف، آلاء ، الشهري، زينة. (2011). تشخيص وعلاج صعوبات الفهم القرائي.(د ط)، بيروت. دار الوفاء للنشر والطباعة.

9-عبده، داود. (1984). دراسات في علم اللغة النفسي. الكويت. مطبوعات الجامعة.

10-الجرجاني، علي بن محمد. (2007). كتاب التعريفات. تحقيق نصرالدين تونسي. القاهرة. شركة القدس للتصدير.

11-حسنة، عمر عبيد. (1998). مراجعات في الفكر و الدعوة والحركة. سلسلة قضايا الفكر الإسلامي – الإصدار رقم (7). ط2. الدوحة-القطر. مطبعة وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية.

12-القايسي، فايق. (2006). المعجم التربوي وعلم النفس. عمان. دار أسامة للنشر والتوزيع.

13-عدس، محمد عبد الرحيم. (1990). مدرسة واقع وتطلعات. مصر. دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع.


**ج.زمانی ئینگلیزی**


14-Crystal, David. (2008). **A Dictionary of Linguistics & phonetics**. Sixth edition. Black well publishing.


### دووەم: گۆڤاری زانستی:

**أ.بەزمانی كوردی**


15–عمر، تەلار صباح ، صابر، شادان شكر.(2016). ڕۆڵ و كاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر فەرهەنگی زمان.گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە (44). ل132.

16–فوئاد، كەمال. (1971). زاراوەكانی زمانی كوردی و زمانی نووسینیان. گۆڤاری زانكۆی بەغداد، ژمارە (14)، ل16–24.


**ب. بەزمانی عەرەبی**


17-أسد ، حسن كاظم. **(2012). الإعلام واللغة والشريعة نظرة منهجية في الأدوار.**مجلة كلية الفقه-جامعة الكوفة، عدد 15.ص10.

18-عواشرية، السعيد.(2005). **الفهم اللغوي القرائي واستراتيجياته المعرفية**. منشورات المجلس الأعلى للغة العربية.ص45.

19-محمود، عبدالجواد توفيق. (2014). **الواقع اللغوي في العالم العربي في ضوء هيمنة اللهجات المحلية واللغة الانجليزية.** مجلة (رؤي استراتيجية). مكتبة كلية الآداب. جامعة أسيوط، مصر. ص127.

20-غازلي، نعيمة. (2012). **الفهم اللغوي الشفهي.**مجلة الممارسات اللغوية- جامعة مولود معمري تيزي وزو. عدد (16). ص156.


### سێیەم: توێژینەوەی زانستی

**أ.بەزمانی كوردی**


21- ڕەمەزان، عەبدولڕەحمان مەناف.(2009). ئەتڵەسی زمان. نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، (زانكۆی سەلاحەین: كۆلێژی زمان). ل59.

**ب.بەزمانی عەرەبی**

22-دحال، سامية. (2005). **دراسة وتحليل استراتيجيات الفهم الشفهي عند الطفل المصاب بعسر القراءة.** رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة بوزريعة، الجزائر.ص.

23-محمد، سلام نصرالدين. (2012). البث التلفزيوني المتخصص في إقليم كردستان العراق. رسالة دكتوراه (غير منشورة). جامعة السليمانية: كلية العلوم الانسانية، قسم الاعلام. ص182.

24-السلمي، عبدالله عويقل.**(2017). الأثر اللغوي للقنوات الفضائية – دراسة ميدانية.**مجلة الأثر- جامعة قاصدي مرباح ورقلة. عدد (28). ص33.

25-شيماء ، غريبي. **(2010). أثر التمارين الحس- الحركية في تنمية القدرة على الفهم الشفهي لدى الأطفال المتخلفين ذهنيا درجة خفيفا**. رسالة ماجستير(غير منشورة). (جامعة العربي بن مهيدي-أم البواقي- الجزائر: كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الاجتماعية). **ص**59-60.

26-سليمة، لعطوي. ( 2013). **فهم النص المكتوب لدى الطفل المتخلف ذهنيا.** رسالة ماجستير (غير منشورة).(جامعة بوزريعة-الجزائر: كلية العلوم الاجتماعية، قسم الأرطوفونيا).**ص**74.

27-ميرود، محمد. (2007). **استراتيجيات الفهم عند الطفل أحادي اللغة والطفل مزدوج اللغة - دراسة مقارنة**. رسالة دكتوراه (غير منشورة). (جامعة الجزائر: كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم علم النفس وعلوم التربية والأرطفونيا).ص245.

28-محمد، يادكار طه. (2015). **رؤية شباب الأكراد لدور القنوات الفضائية الكردية في تنمية المجتمع الكردي**. رسالة ماجستير (غير منشورة). جامعة المنصورة – مصر: كلية الآداب. قسم الإعلام. ص48-49.

29-محمد، يادكار علي. (2015). **أساليب إدارة غرف الأخبار في القنوات الفضائية الكردية.** رسالة ماجستير (غير منشورة). جامعة المنصورة – مصر: كلية الآداب. قسم الإعلام. ص117.

**چوارەم: ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان**

عبدالقادر، عبدالإله. **(2018). اللهجات العربية.**(https://www.albayan.ae/books/opinions/2018-03-27-1.3221344). 2018/3/12.

## Summary:

## The Role of Kurdish Satellite Channels in the Process of Understanding Kirmanjy Sarw Dialect

This study investigates the role of Kurdish satellite channels in the process of understanding Kirmanjy Sarw Dialect (Northern Kurdish Dialect) by the students in Garmian university.

Alongside with the relationship between presenting News in Kirmanjy Sarw Dialect and the degree of their understanding of the units of the language. The study approaches the level of knowledge of students in the same university of the ways of using two different dialects (Kirmanjy Sarw and Kirmanjy Nawarast) in the Kurdish satellites channels.

In the research two methods (Quantitative and Qualitative) have being used. Descriptive statistics were calculated for the quantitative data and analysis was used for the qualitative data. The sample of random organization to identify the main example of the research was used. That included 156 students from both genders: Male and female, the students were from Kurdish departments evening and morning classes in the college of basic education.

The research has come into several scientific conclusions: first, students are pleased to use both dialects (Krmanji sarw and Krmanji Nawarast) in news presenting in kurdish satellite channels similar to their eager to learn and have knowledge about krmanji sarw. Because students don't have restrictions in understanding the shows that use kirmanji dialect, on the contrary students are able to get a lot of new vocabulary from those shows. As well as they are able to read written texts in krmanji sarw and hence learn the transcription and meaning of those words.




DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper30 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019